# بەرەو دامەزراندنی نوێخوازی



ئازاد عەبدولواحید

* ئێمە وەک میللەتێک لەوەتەی هەین بەردەوامین لە چوونە ناو ئەزموون و تاقیکردنەوەکانەوە، هەر ئەوەشە پێم وایە یەکێک لە نهێنییەکانی مانەوەمان، چونکە بە قەدەر قەبارەی هێز و توانامان خۆمان لە قەرەی ئەزموون و تاقیمانە نوێیەکان دەدەین، مەبەستم ئەوەیە بڵێم موغامەرەی داهێنان لە ئاستی تاکەکەسیشدا بێ نەکوژاوەتەوە، چونکە دەبینین ئێمەی کورد بە مەبەستی جیاکردنەوەی ماڵی داهێنانی خۆمان لە ساتەکانی شکست و قەڵاچۆکردن و نائومێدیشدا هەر لە غەمی داهێنان و تێپەڕاندن و پرسیارکردن دا بووینە، بەمەش هەوڵ دراوە نەکەوینە دەرەوەی مێژوو، بگرە لەناو پێداویستی شارستانی و مێژوویی و نەتەوەیی و جوانیلۆژیی خۆماندا کار بکەین و لە ئاستی (نوێ بوونەوە) دەستەوستان نەبین.

* هەر بۆخۆی مانەوەی کورد بەو شێوەیەی ئەمڕۆکە پێی گەیشتووە مەزنترین شاکارێکە تۆماری کردبێ، بۆیە ئەمڕۆکەش کە ئەمڕۆیە و لەبەردەمی قۆناغێکی چارەنووسسازداین، لەسەر هەموو ئاستەکاندا دیسانەوە دەبێ بیر لە قۆناغی دامەزراندن بکەینەوە، بەتایبەتی لە بواری تیۆریک و تەنزیردا کار بکەین، چونکە قۆناغێکی سەخت و گرانە کە ئەویش پێویستی بە جۆرێکی دیکەی دامەزراندنی نوێخوازی و داهێنانی نوێیە و دەبێ بە بیروبۆچوونێکی کوردانەوە ڕەنگ بۆ ئەو قۆناغە بڕێژن، ئەم کارەش بە دوور نازانرێ، چونکە لە هەموو چاخ و سەردەم و قۆناغەکاندا کورد جێ دەستی دیار بووە، تەنانەت بە هەموو قورسایی خۆیەوە بەشداری لە دروستکردن و پێشخستنی شارستانیەتی عەرەب و ئیسلام و گەلانی دەرو دراوسێدا کردووە و لە هەموو بوار و کایەیەکی فیکری و مەعریفی و هونەریدا جێ دەستی دیار بووە، ئەمڕۆکەش لە دامەزراندنی ئەم سەرەتایەدا کە هەوڵی بۆ دەدات نوقلانەی نوێبوونەوە و دەسپێکێکی دیکە دەبێ بۆ کەشوهەوا و واقیعێکی هاوچەرخ و سەردەمانە و بەرچاو ڕوون کردنەوەی نەتەوەکەمان.

* ئایندە هەموو ڕۆژێ بەشێوە و فۆرمێکی نوێ لە دەرگاکانمان دەدات، ئێمەش وەک میللەتێک دەبێ چاومان لەوەبێ بۆ ساتێکیش لەو کەشوهەوا و واقیعە مەعریفی و داهێنەرانە نوێیە جیهانییە دانەبڕێین. پێویستە بەردەوام لەخۆمان بپرسین: چی لە مێژووی خۆمان فێربووین؟ هەڵوێستمان بەرانبەر مێژوومان چی بووە؟ چەند دەتوانین کاریگەریمان بەسەر ماجەرای ڕووداوەکانەوە هەبێ؟ لە خۆمان بپرسین: چی لەو ڕابردووەمان زیندوو و نوێیە و بەکەڵکی ئەمڕۆمان دێ؟ یان لە فیکر و فەلسەفەی هاوچەرخدا چیمان وەرگرتووە و چۆن هەڵوێستمان لێ وەگرتووە؟ چیمان بەلاوە ناوە و چی وەرناگرین، یان بپرسین: ئێمە چەند لە زمانی سەردەمەوە نزیکین، یان چەند لێیەوە دوورین؟ بپرسین: لەو سەردەمەدا لەسەر ئاستی چەمکی ڕۆشنبیری و کولتووری گشتی و لەسەر ئاستی تایبەتمەندیی خۆمان چیمان کردووە؟ چ ڕۆڵێکمان لەوەدا گێڕاوە کە زمانێکی تایبەت بە خۆمان هەبێ؟ زمانێک کە لە ڕابردووەوە نەخوازرابێتەوە کە تێیدا نازین، زمانێکیش لە دەرەوەی خۆمانەوە بەدەست نەهاتبێ، چونکە ئەویش بەروبوومی عەقڵ و ڕۆشنبیری خۆمان نییە!

* لەو سەردەمەدا کە «نوێخوازی» زۆر قۆناغ بەجێی هێشتووین، پێویستمان بە کەسانێکە ئەو قەڵای خۆڵەمێشە ڕابماڵێ و لە بارەی پرسە ناسک و هەستیارەکان قسەی هەبێ تا دەگەینە پەروەردەیەکی نوێ. (ژان بیاژێ) پێی وابوو کە پێویستە لەسەر ئەوە بگیرسێینەوە توانای (بیرکردنەوە) لەلای منداڵ دروست بکەین، واتە منداڵ فێر بکرێ چۆن بیر بکاتەوە، نەک چۆن شتەکان ئەزبەر بکات و بڵێتەوە. فێر بکرێ چۆن پیلە و موناقەشە بکات، نەک تەلقین دابدرێ.